

مەسعود تەك سكرتێری پارتی سۆسیالستی توركیا بۆ لڤین

# "عەبدوڵڵا ئۆجەلان نەك هەر لایداوە بگرە دژی نەتەوە خوازیشە"

**دیداری عەلی سدیق و ئیبراهیم عەلی**

**● مەسعود تەك لە ساڵی ١٩٥٤ لە ناوچەی دەرسیم لە باكووری كوردستان لەدایك بووەو بەشی كیمیای لە كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی دیاربەكر تەواوكردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ئەندامە لە پارتی سۆسیالستی توركیاو هەموو ئاستەكانی ئەو حیزبەی بڕیوەو ئێستاش سكرتێری ئەو پارتەیە، ئەو تاكە كەسی ئەو حیزبەیە كە قەدەغەكراوە بچێتە توركیاو هەموو ئەندامانی سەركردایەتیو مەكتەبی سیاسیی ئەو حیزبە لە ناو توركیا بەنهێنیی خەبات دەكەن.**

**لڤین: تۆ وەك كوردێكو وەك ئەندامێكی پارتێكی سۆسیالیستی توركیا، ئازادیی كاركردنو بارودۆخی كوردان لە باكووری كوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

مەسعود تەك: دۆزی كورد لە توركیادا هیچ گۆڕانێكی بەسەردا نەهاتووە، سیاسەتی توركیا بەرامبەر بە كێشەی كورد هەروەك خۆی ماوە، سیستەمی سیاسیی توركیا لەسەر پێنج شت دامەزراوە؛ (میللەت، دەوڵەت، زمان، ئایینو ئالاّ)، كە دەڵێین میللەت، واتا میللەتی تورك، دەوڵەت؛ دەوڵەتی تورك، ئالاّ؛ ئالاّی تورك، زمان؛ زمانی تورك. بەگشتی باسكردن لە كێشەی كورد هیچ هەنگاوێك نەچووەتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توركیا پێیخۆشە ببێتە ئەندام لە یەكێتیی ئەورووپا، لەم بارەشەوە گفتوگۆی زۆریان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی كردووە، بەڵام لە ئەنجام لەسەر هەندێك كێشە كە گرینگترینیان كێشەی كوردە، توركیا نەیتوانی ببێتە ئەندام لە یەكێتیی ئەورووپا، توركیا ئێستا پێشوازی لە دوو هەڵبژاردن دەكات، یەكەمیان؛ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمارە، دووەمیشیان؛ هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانە. بۆ ئەم مەبەستەش لە ئێستاوە ململانێیەكی توند هەیە لەنێوان كەمالیستەكانو ریفۆرمخوازەكانو پێشكەوتنخوازەكان. كەمالیستەكانی توركیا پێیان خۆش نییە كەسێكی ئیسلامی ببێتە سەرۆك كۆماری توركیا.

**لڤین: پێتوایە بۆ كورد كەسێكی ئیسلامی سەرۆك كۆمار بێت باشترە یان كەمالیستێك؟**

مەسعود تەك: پێموایە هەردووكیان خراپن، بەڵام ئەگەر بێین لەنێو ئەم دوو خراپە یەكێكیان هەڵبژێرین، ئەوا كەمالیستەكان خراپترن، ئەمەش مانای وانییە ئیسلامییەكان بەرامبەر كورد بۆچوونی باشیان هەیە، راستە دەیانەوێت بەجۆرێك لە جۆرەكان لەگەڵ كورد گفتوگۆ بكەن، بەڵام ئەوان پێیانوایە ئێمە هەمووومان موسڵمانین، پێویستناكات باس لە تورك یا كورد بكەین، ئەمە لە كاتێكدا ئەم قسەیە دەكەن كە پەرلەمانو دەوڵەتو هەموو شتێك هیی توركەكانە.

**لڤین: پێتوانییە جووڵانەوەی كوردستان لە توركیا خاوەن كەسی سیاسیی لێهاتوو نییە كە تا ئێستا نەیانتوانیوە قەناعەت بە توركەكان بكات تا كێشەی كورد چارەسەربكەن؟**

مەسعود تەك: ئەمە پەیوەندیی بە كەسی لێهاتووەوە نییە، بەڵكو ئەوان (تورك) نایانەوێت لەگەڵ كورد گفتوگۆ بكەنو تا ئێستا توركیا ئامادە نییە كێشەی كورد چارەسەربكات، جا ئیتر لەگەڵ هەر لایەنێكی کورددا بێت.

**لڤین: بەڵام ئێستا دەبینین لە دوایین لێدوانیدا، ئەردۆگان دەڵێت ئامادەین**

**گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکەین، بەڵام بۆ ئامادە نییە لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەی خۆی گفتوگۆ بکات؟**

مەسعود تەك: ئەمە شتێکی نوێیەو زۆر باشە.

**لڤین: کەواتە گرفتەکە کورد خۆیەتی کە نەیتوانیوە کەناڵی گفتوگۆ بدۆزێتەوە، یا نەبووەتە ئەو هێزەی کە لە تورکیادا کاریگەریی هەبێت؟**

مەسعود تەك: نەخێر؛ پێموایە ئەردۆگان پێیخۆشە لەگەڵ کورد دابنیشێت، بەڵام ترسی هەیە لە هێزی عەسکەری، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لەگەڵ کورددا دابنیشێت، بۆ نموونە؛ پەکەکە ئاگربەستی راگەیاندووەو هەندێك داخوازیی دیموکراتییانەی پێشکەش بە دەوڵەتی تورك کردووە، بەڵام تا ئێستا تورکیا ئامادەنییە لەگەڵیان دابنیشێت، کورد لە تورکیادا تەنها دەیەوێت زمانەکەی ئازادبێت و پارتە سیاسییەکانی ئازادبن، تورکیا ئەگەر بیەوێت کێشەی کورد چارەسەربکات، پێویستناکات لەگەڵ کورد دابنیشێت، با خۆی ئەم کارانە بکات و دەست هەڵگرێت لەو ستەمە نەتەوەییەی کە لە کورد دەیکات، بەڵام ئەوان ئامادەنین کێشەکانمان چارەسەربکەن، لە راستیدا دەسەڵاتی عەسکەری لە تورکیا پێیخۆشە پێشمەرگە کوردەکان هەموویان لە شاخ بن و بەردەوام شەڕ هەبێت، تا ئەوان بێکار نەبن، تورکیا گوێنادات بە بانگەوازی ئاشتیخوازان و دیموکراتیخوازان.

ئەوان نەك تەنها گوێ لە کورد راناگرن، چەند رۆژێك لەمەوبەر، زیاتر لە ٣٥٠ رووناکبیری تورك کۆنفرانسێکیان بەست بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەوانە کۆمەڵێك داوایان پێشکەش بە حکومەت کرد، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە، بگرە نەك تەنها وەڵامیان نەداوەتەوە، بەڵکو تاوانبار کراون بەوەی کە ئەوانە هاوکاریی تیرۆرستان دەکەن و داوای پارچەپارچەکردنی تورکیا دەکەن. بەگشتی ئەمە سیاسەتی رەسمیی تورکە، ئەردۆگان ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت، هەرچەندە ئەگەر ئەردۆگان ئامادەبێت لەو سیاسەتە دەربچێت، ئەوا کورد ئامادەیە پشتگیریی بکات. بەرنامەی پارتەکەی ئەردۆگان لەبارنییە بۆ ئەم گۆڕانکارییە، ئەردۆگان دیموکراسی دەوێت تەنها بۆ خۆی.

**لڤین: پێتوایە ئەم فشارانەی کە یەکێتیی ئەوروپا دەیخاتە سەر تورکیا، کاریگەریی بێت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟**

مەسعود تەك: وەستانی گفتوگۆی یەکێتیی ئەوروپاو تورکیا لەبەر دۆزی کورد نییە، بەڵکو لەبەر کێشەی دوورگەی قوبرسە، ئەمەش مانای وانییە کە یەکێتیی ئەوروپا پشتگیریی سیاسەتی تورك دەکات بەرامبەر بە کوردو کێشەکەی.

**لڤین: لەناو پەرلەمانی تورکیا کۆمەڵێک کورد هەن لەسەر لیستی پارتی داد و گەشەپێدان و حیزبەکانی تر، ئێوە پەیوەندییتان لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانە چۆنە؟**

مەسعود تەك: ئێمە پێمانخۆشە ئەوانە خۆیان بە کورد بزانن و لەبیریان نەچێت کە کوردن، بیروڕایان چییە، گرفتێك نییە.

**لڤین: مەبەستی من ئەوەیە کە ئێوە پەیوەندییتان لەگەڵیان هەیە؟**

مەسعود تەك: ئەمەیان ناتوانم بڵێم.

**لڤین: کەواتە پەیوەندییتان هەیە، بەڵام ڕایناگەیەنن؟**

مەسعود تەك: ناتوانم بڵێم، چونکە ئەگەر بڵێم هەمانە، ئەوانە دەکەونە ژێر گومانەوە، دەبێ بزانرێت لەگەڵ کێ ئەم پەیوەندییە هەیە، پەیوەندیی ئێمە لەگەڵیان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوانە بزانن کە کوردن و کێشەیەك هەیە بە ناوی کورد.

**لڤین: ئەوەندەی ئاگاداربن ئەوانە خۆیان بە کورد دەزانن؟**

مەسعود تەك: هەندێکیان بەڵێ.

**لڤین: پێتوایە ئەمانە بەرگریی لە کورد دەکەن؟**

مەسعود تەك: هەندێکیان دەیکەن، بەڵام کەمە.

**لڤین: لەو قسانەت وا دەردەکەوێت کە هەندێک کورد لە پەرلەمانی تورکیا خۆیان بە کورد نازانن؟**

مەسعود تەك: بەڵێ ئەندامی واش هەیەو ئێمە دەیناسین.

**لڤین: ئەی پەیوەندیی ئێوەو پەکەکە چۆنە؟**

مەسعود تەك: ئێمە پێمانخۆشە لەگەڵ پەکەکە پەیوەندییمان هەبێت، بەتایبەت لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی، ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین بچینە ژێر چەتری تورك، پەکەکە پێیوایە کێشەی کورد لەژێر چەتری کۆمارێکی دیموکراتیی تورکی چارەسەردەکرێت. لەبەر ئەم جیاوازییەیە کە پەیوەندییمان لەگەڵ پەکەکە نییە، هەر کاتێك پەکەکە بێتە ژێر چەتری کوردەواری، ئێمە ئامادەین پەیوەندیی لەگەڵ ببەستین.

**لڤین: واتا تۆ پێتوایە کە پەکەکە لەژێر چەتری کورد دەرچووە؟**

مەسعود تەك: بەڵێ دەرچوون.

**لڤین: ئەی کەواتە ئێستا ئەوان ئامانجیان چییە؟**

مەسعود تەك: عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێت دیموکراسیبوونی تورکیا، پێیوایە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراتیی و کۆماری لە تورکیادا، کێشەکان چارەسەردەبن.

**لڤین: هەستناکەیت بۆ ئەم قۆناغەی تورکیا، ئەمە داوایەکی واقیعیانەیە؟**

مەسعود تەك: ئێمە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەین، کورد خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات.

**لڤین: بەڵام حەقیقەتێک هەیە، خەڵک لە کوردستانی باشووریش لە ریفراندۆمدا داوای سەربەخۆییان کرد، بەڵام دەبینین لەم قۆناغەدا ئەمە جێبەجێنابێت، ئەم سەربەخۆییە بۆ کوردستانی باکوور زۆر لەوە قورسترە؟**

مەسعود تەك: نەخێر ئێمە وای نابینین، ئەو گۆڕانکارییە گۆڕانکارییەکی سروشتیی نییە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێش ئەوەی بگیرێت، داوای سەربەخۆی دەکرد نەك تەنها بۆ باکووری کوردستان، بگرە سەربەخۆیی بۆ کوردستانی گەورە دەویست، بەڵام کە گیرا، ئەوکات سیاسەتی ئەویش گۆڕا و ئێستا دەڵێت



"پەکەکە لەژێر چەتری کورد دەرچووە" مەسعود تەك

ئێمە هیچمان ناوێت، نە سەربەخۆیی، نە فیدرالیی، نە ئۆتۆنۆمیمان دەوێت، تەنها دەمانەوێت کۆماری تورکیا ببێتە کۆمارێکی دیموکراتیو ئەوەمان بەسە، ئەگەر ئەمە داوایەکی واقیعییە، با ئەوکاتەی کە ئۆجەلان لە شاخ بوو یا لە ئەوروپا بوو، ئەو داوایانەی بکردایە، ئەوکات شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام بۆ تا نەکەوتە ژێر دەستی تورکەکان ئەم قسانەی نەکرد. قسەکانی ئۆجەلان لەوە دەرچووە، ئێستا دەڵێت ئەم شتانە بۆ کورد زەرەرن، چونکە سەربەخۆیی کوردستان یا فیدرالیەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەڕی نێوان کوردو تورك دروست ببێتو ئەمەش کێشەی کورد چارەسەرناکات.

**لڤین: واتا ئۆجەلان لە هێڵە نەتەوەییەکەی خۆی لایداوە؟**

مەسعود تەك: بەڵێ، نەك هەر لایداوە، بگرە دژی نەتەوەخوازیشە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت ئەمریکا پشتگیریی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکاتو دەبێت تورکیا ئاگاداربێت، چونکە ئەمریکا دەیەوێت ئەم فیدرالیەتە بگوازێتەوە بۆ تورکیاش.

**لڤین: کەواتە ئێوە پەیوەندییتان لەگەڵ ئەمریکا خۆشە؟**

مەسعود تەك: نەخێر؛ پەیوەندییمان نییە لەگەڵ ئەمریکا.

**لڤین: تا ئێستا هەوڵتان نەداوە کە پەیوەندییتان هەبێت لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، بۆ ئەوەی هاوکارییتان بکەن؟**

مەسعود تەك: ئێمە یارمەتیمان پێویست نییە لە رووی مادییەوە، تەنها یارمەتیمان دەوێت لە رووی سیاسییەوە، بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر تورکیا کە کێشەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراتیی چارەسەربکات. پێمانوایە ئەگەر لە دەرەوەی تورکیا فشارێکی نەخرێتە سەر، ئەوا گۆڕانکاریی لە تورکیا مەحاڵە، ئێمە دەزانین ئەنقەرە بە کورد ناڕووخێت، وەك چۆن بەغدا بە کورد نەڕووخا، دەبێت ئەو دەوڵەتانە هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە باکوور چارەسەربکرێت.

**لڤین: پێتوانییە کە جوولانەوەی کورد لە باکوور تووشی قەیران بووە، بۆ نموونە؛ ئێوەی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەک وەک پێویست تەبا نین؟**

مەسعود تەك: راستە؛ دەبێت ئێمە یەك بین، ئەمەش گرفتی ئێمەیە، هەرچەندە هەندێك هەنگاوی بچوك نراوە بۆ ئەوەی ماڵی کورد رێکبخەینەوە، بەڵام تا ئێستا بەرهەمێکی وای نەبووە.

**لڤین: لەم دواییەدا پەرلەمانی تورکیا چەند دانیشتنێکی نهێنیی ئەنجامدا، ئێوە هیچ زانیارییتان هەیە لەسەر ئەم کۆبوونەوانە؟**

مەسعود تەك: لەم کۆبونەوانەدا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەڵسەنگێنراوە، بەتایبەت لەگەڵ عێراقو لەنێویشیاندا پرسی کەرکوك، لە پەرلەمان هەشتا نوێنەری کورد هەیە، لەم کۆبوونەوانەدا هەڵوێستێکی نەتەوەییان گرتۆتەبەرو وتوویانە سیاسەت دەرەوەی تورکیا هەڵەیەو وتوویانە کوردەکانی عێراق برای ئێمەن، نابێت ئێمە تەنها تەرکیز لەسەر تورکمان بکەین، بەگشتی ئەو پەرلەمانتارانە دژی سیاسەتی دەوڵەت دەنگی خۆیان بەرزکردووەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە لەم کۆبوونەوانەدا ئەردۆگان هەڵوێستی زۆر نەرم بێتو زۆر میانڕەوانە مامەڵەی کردووە.

**لڤین: چی تر لەو کۆبوونەوانەدا باسکراوە؟**

مەسعود تەك: کۆبونەوەکان نهێنیی بووە، چۆن ئێمە شت دەزانین!!

**لڤین: ئەی ئەو شتانە چۆن دەزانن کە ئەردۆگان هەڵوێستی نەرم بووە؟**

مەسعود تەك: ئێمە تەنها هەندێك شت دەزانین نەك هەموو، ئەوە دەزانین کە ئەردۆگان زۆر هێمن بووە.

**لڤین: یەکێک لەوقسانە چی وتووە؟**

مەسعود تەك: یەك لەو قسانەی کە ئەو کردوویەتی وتوویەتی دەبێت ئێمە ئیعتیراف بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەو کێشەیە بە شەڕ چارەسەرنابێت.

**لڤین: ئەی هەڵوێستی پەرلەمانتارەکان چۆن بووە؟**

مەسعود تەك: هەڵوێست وەرنەگیراوەو هیچ بڕیارێك لەم کۆبوونەوانەدا دەرنەچووە، تەنها گفتوگۆ کراوە.